# یەکپارچەیی عێراق، خەونە لەمێژینەکە




هەرچەندە وشەی عێراق لەدێر زەمانەوە بەسنور و باڵای ئەم ناوچەیەدا براوە ،عێراق کە بەزمانی عەرەبی بە واتای کەنار (شاطئ) دێت ، هەندێک دەڵێن : ئەو وشەیە لەزمانی سۆمەریەوە وەرگیراوە بەمانای نیشتەجێبوون دێت، هەندێک را هەیە کە وشەکە فارسییەو بەواتای وڵاتی خواروو دێت. لەسەردەمی کاشیەکاندا بەم ناوچەیە وتراوە (ئەریقا) و بە سۆمەری پێی وتراوە (ئورک یان ئونوک)، پاشتریش بە عێراقی عەرەبی و عێراقی عەجەمی ناوزەند کرا ، ئەمەش ناوچە کوردنشینەکانی نەدەگرتەوە بە ناوچە کوردنشینەکان لەو سەردەمەدا دەوترا هەرێمی چیاکان، بەڵام تاکو ساڵانێکی پاش برانەوە و کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم ناوچەیە نەوەک و دەوڵەت و نەوەکو دەسەڵات یەکپارچە و یەکگرتوو نەبووە، تەنانەت لەسەردەمی چوار سەدەی لەفەرمانڕەوایی دەوڵەت و دەسەڵاتی عوسمانلی ناوچەکە دابەشی سەر سێ ویلایەت بووە کە بریتی بوون لە ویلایەتەکانی (موسڵ و بەغدا و بەسرە) کە هەریەک لەوانە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی جیاوازیان هەبووە، بەسەرکەوتنی هاوپەیمانان لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا نەخشەی سیاسی و ئابووری و ئیداری و فەرمانڕەوایی ناوچەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات ، پاش ئەوەی کە بەریتانیا سەرکەوتنی لە ئیدارە کردنی ناوچەکە واتە (لە هەرسێ ویلایەتی بەغدا و بەسرە و موسڵ) بەدەست نەهێنا بۆیە کەوتە بیرکردنەوەی و گرتنە بەری ڕێگە چارەیەک بۆ نەزم و شێوازێکی تری کارگێڕی لە ناوچەکەدا، بەمەرامی ئەوەی کە جڵەوی دەسەڵات و بەرژەوەندیەکانی لەژێر رکیفی خۆیدا بمێنێتەوە، ئەویش سەرەتا دروست کردنی حکومەتی عێراقی بووە بە سەرۆکایەتی (عەبدولرەحمان نەقیب گەیلانی) لەساڵی 1920، ئەمەش بۆ هێوەر کردنەوەی ئەو دۆخە نائارام و شەڵەقیەوەی ناوچەکە و خامۆشکردنەوەی تەقینەوەی راپەرینەکان بوو کەلە هەرسێ ویلایەتەکەدا بەرۆکیان بەهێزەکانی بەریتانیا گرتبوو، پاشتر بەریتانیا بیری لەوە کردەوە کە دەوڵەتێک لە ناوچەکەدا دابمەزرێنێ بەناوی دەوڵەتی (عێراق)ەوە ، ئەمە پاش راوێژ کردن و چەند و چۆن و تاوتوێ کردنێکی زۆر لە ساڵی 1921ز مەیسەر و دەستەبەر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی پێکهاتە نەتەوەی و کولتوری و ئاییني و مەزهەبیەکانی عێراق پێکهاتەیەکی جیاواز و ئاڵۆز بوون و شێوازی سیستەمی پاشایەتی هەڵبژێردرا بۆ کارگێری و بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتە تازە دامەزراوە ، هەروەها مەلیک فەیسەل لەناو شەش کاندیدی تردا بە شای عێراق لە گۆنگرەی قاهیرەی لە ساڵی 1921ز دیاری کرا. لە سەرەتادا خەڵکی هەردوو ویلایەتی موسڵ و بەسرە زۆر نیگەران و نارازی بوون کە بە خەڵک و خاکەوە بە پێکەوە گرێدان و لکاندیان بە ویلایەتی بەغداوە کە دەسەڵاتی ناوەندی پایتەختی بەرکەوت .

شا فەیسەل هەوڵ و تەقەڵەکانی خستەگەڕ و چەندین شێواز و رێگەی گرتە بەر بۆ ئەوەی عێراقێکی یەکپارچە دروست بکات ، بەڵام رەنج بە خەسار بوو، هەوڵەکانی بێ هودە و بێ ئەنجام بوون ، چونکە وەک لەیاداشتەکانیدا کە لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی بیستدا ئاماژەی پێکردووە دان بەوەدا دەنێت کە نەیتوانیوە گەلێک دروست بکات بەناوی گەلی عێراقەوە، تەنانەت ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرینەی خەڵکی عێراق لەرووی ئاینیەوە ئیسلامن، بەڵام تەنها ئاین نەیتوانی ببێتە پرد و رایەڵێک بۆ پێکەوە بەستنەوەی ئەو نەتەوە و مەزهەبە جیاوازانەی کە لەعێراقدا دەژین و بوونیان هەیە. لەسەردەمی پاشایەتی و شاکانی عێراق یەک لەدوای یەک بەردەوام بوون بۆ هێنانە دی ئەو ئامانج و ئاواتەی کە عێراقی لەسەر بیناکرابوو ، بەڵام هەموو هەوڵ و تەقەلاکان نەبووە پایە و کۆڵگەیەکی پتەو و تۆکمە بۆ دامەزراندنی گەلێکی یەک رەنگ لەعێراقێکی یەکپارچەدا و سۆزی هاونیشتمانی بوون لەلای نەتەوە جیاواز و ئایزانکان بخولقێنێ ، بەڵکو هەر سەردەمێک و قۆناغێک شێوازی نارەزای و دەنگ هەڵبرینی لێدەکەویتەوە و ئەنجامەکەشی کوشتارێکی زۆر لەو کەین و بەینە دا لێدەکەوتەوە و خەڵکێکی زۆر دەبوونەوە سوتەمەنی ئەو بە زۆر لکاندن و گرێدانی نەتەوە و تایفە و مەزهەبە جیاوازەکانی عێراق ,کاتێک شۆرشی 14تەموزی1985ز لە عێراق بەرپا بوو خەڵکی و دەسەڵاتداران واتێگەیشتن ئەم سیستەمە دەبێتە بنەما و مایەی بەستنەوەی تاک کۆی خەڵکی عێراق , بەلام هەر زوو ئەو پەردە و ماسک و دەمامکانە ئاشکرا بوون و لاچوون چونکە دەسەلاتدارانی عێراق هەمیشە ئەم دەوڵەتە بە بەشێکی دانراو جەوهەری لە نەتەوەی عەرەبیان زانیوە، نەتەوە پەرستان و شۆڤێنیەکانی عەرەب لە هەموو بەڵێن وپەیمانەکانی ناو دەستوری کاتی عێراقیش پەشیمان بوونەوە، هەوڵ و تەقەلاکان رێچکەیەکی دیکەیان گرتەبەر و زمانی زۆر و هەرەشەی داپلۆسێن و کوشتن بوونە زمانحاڵی ئەو پێکەوە بەستنەوەیە بە زەبری ئاگر و ئاسن و پاکتاوی کردنی نەژادی و مەزهەبی توانەوەی نەتەوەکانی تر لەبۆتەی نەتەوەی عەرەبدا هەمیشە پیشەی فەرمانڕەواکانی کۆماری عێراق بووە، ئەوەی شوورەیی و نەنگە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەموو کارێکی ناشایستەو قێزەون بۆ ئەو مەرام مەبەستانە بەکارهێنرا تاوەکو شوێنەوارو ئاسەواری کورد وەکو نەتەوەی دووەم بسڕنەوە و شێوازی یەکپارچەیی لەعێراقدا بە بەرهەم بێنن و ناسنامەی عەرەبی بوون بە گەلی عێراق بدەن بەڵام بۆیان فەراهەم نەبوو .

پاش لەناوچوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و لەدوای ئۆپراسیۆنی ئازادی عێراق هەل و دەرفەتێکی نوێ لەبەر دەم عێراقیەکان کرایەوە کە شێوازێکی دیکە بە باڵای ئەو یەکپارچەیەی عێراقدا ببڕن ئەویش گەڕانەوە بۆ لۆژیکی مێژوو ئەو سێ ویلایەتەی کە پێشتر عێراقیان لێ پێکهێنا بوو کە سێ هەرێمی جیاواز بوو تەنانەت لەرووی تۆبۆگرافی و فەرهەنگی و نەتەوەی و مەزهەبی و کولتوری و کەش و هەواو چەندین خەسڵەتی تریشەوە جیاوازن , بۆیە بەرای من دەبێت عێراقێکی فیدرالی بێت دوور بێت لە هەموو پیلان و گێچەڵێکی دەسەڵاتی ناوەند کە هەمیشە گومان و دڵەڕاوکێ لەلای خەڵکی دروست دەکات ئەگەر حکومەتی ناوەند بەهێز بێت ئەوا حاڵی هەرێمەکان شلۆق دەبێت، جگە لەوەش بیانو گرتن لەم دۆخەدا کە هێشتا دەسەڵاتی ناوەند لە ژووری بووژانەوە ( انعاش ) دایە خۆیان ناتەباو نارێک و ناجۆرن و بە یەکتر رازی نابن جا چ جای مافەکانی نەتەوەی کورد بسەلمێنن، وا شەش مانگ زیاترە کە هەڵبژاردن لە عێراقدا کراوە، بەڵام لەبەر نەخوێندنەوەی یەکتر نەیانتوانیوە حکومەتێک بخەنە سەر سکەی کار کردن و رواڵەتێکی دیموکراتی نمایش بکەن .

ئەمرۆ زەمەن گۆڕاوە دەبێت وەکو ئەمرۆ بیر لە سبەینێ بکەینەوە و هەنگاوی بۆ بنێین و پەند و ئەزموون و ئامۆژگاری لەوانەکانی دوێنێ وەربگرین، ئەگەر دیموکراسی بەرکەماڵ بێت ئەوا ئەو لکاندنە بە زۆرە ملێیە دەستەبەر نابێت، ئەگەر رژێمێکی دکتاتۆری فەرمانڕەوای عێراق بکات ئەوا تاس و حەمامەکەی جاری جارانە، سەرکردە سیاسیەکانی کورد وەکو دیفاکتۆیەک کە رەچاوی دۆخە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکان دەکەن زۆر جاران گیانی خۆیان دەخەنە مەترسیەوە لە بەغدا بە مەرامی بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی کوردستان، بەلام ئەشێت کە سەرلەبەرەی مێژووەکەی بە زۆری و زۆردارەکی بووە عێراقێکی یەکپارچە لەلای چاودێرانی سیاسی و فەرمانڕەواکانی ئاشکرا بێت خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە و گونجاو بۆ ئایندەی ناوچەکە بەرجەستە بکەن و میکانیزمێکی نوێ بکەنە ئەلتەرناتیف بۆ ئەوەی مێژووی خوێناوی وماڵوێرانی بەسەر خەڵکی بەش مەینەتی ناوچەکەدا دووبارە نەبێتەوە، چونکە گرتنەبەر و جوینەوەی بابەت و خیار و رێگە تاقیکراوەکان بەهەمان چەشن مەرگەسات و تراژیدیای مێژوو دووبارە و چەند بارە دەکەنەوە .



حوسێن ئیسماعیل خان دەڵۆ
husin2008@yahoo.com

# وەڵامێک بۆ روونکردنەوەکەی شێخ ئیبراهیم شێخ نەسردەینی سەرۆک جاشی فەوجی 102

دوای ئەوەی دیمانەیەکم لەگەڵ رۆژنامەی میدیا ئەنجام داو، دیمانەکە لە لاپەڕە (14)ی ژمارە (446)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (3.8.2010)دا بڵاوکرایەوە، لە دیمانەکەدا لە وەڵامی پرسیارێکی رۆژنامەی میدیادا کە دەپرسێ: بزووتنەوەی گۆڕان کە بزووتنەوەیەکە زۆرجار باس لە پێشێلکردنی مافی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەکات، ئەوان تا چەند جێگەی ئەنفالچییەکانیان لەناو ریزەکانی خۆیان کردۆتەوە؟ لە وەڵامدا گووتومە: بزووتنەوەی گۆڕانیش بەشدارە لە داڵدەدانی تاوانبارانی ئەنفال، ناوی دوو سەرۆک جاش و ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین بەرزنجیم بردووە، وەکو ئەو سەرۆک جاشانەی کە لەناو ریزەکانی ئەو بزووتنەوەیەدان. ئەو سێ سەرۆک جاشەی کە ناوم بردوون هەرسێکیان بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی لای بەندە، بەشداری ئەنفالەکانیان کردووەو فەرمانی دەستگیرکردنیشیان لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق بۆ دەرچووە.

دوای ناوهێنانی ئەو سێ سەرۆک جاشە، ئەوەبوو ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین بەرزنجی سەرۆک جاشی فەوجی (102)ی جاشە سووکەکان، روونکردنەوەیەکی بە پەلەی وەکو وەڵامێک بۆ قسەکانی من بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی ناردبوو. رۆژنامەی هاوڵاتی روونکردنەوەکەی ناوبراوی لەژێرناوی (روونکردنەوەیەک لەلایەن موستەشارێک بەناوی (شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین) بۆ گەلی کورد)دا لە لاپەڕە (17)ی ژمارە (651)ی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی (4.8.2010)دا بڵاوکردۆتەوە.

سەرۆک جاشی فەوجی (102)ی فەوجە سووکەکان لە روونکردنەوەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە پێنج هەزار جاشی هەبووەو، هەر سەرۆک جاشێکیش بەلای کەمەوە ژیانی زۆرتر لە هەزار کوردی پاراستووە. ناوبراو ناوی شازدە کەسی رێزکردووە کە لە مردن رزگاری کردوون و لە کۆتاییشدا بەمشێوەیە هەڕەشەیەکی شاردراوە دەکات کە دەڵێت: *(هیوام وایە جارێکی تر ئەم ناوزڕاندنە دووبارە نەبێتەوەو ببێتە هۆی ئاژاوە نانەوەو دووبەرەکی ناو گەلی کورد).*

نازانم و تێناگەم چۆن ئەو هەموو سەرۆک جاشانە، فەرماندەی مەفرەزە تایبەتییەکان، سەرۆک ئەرکانی بەناو سوپای ئێراق فەریق روکن نزار عەبدولکەریم ئەلخەزرەجی، جێگری بەڕێوەبەری ئیستخباراتی گشتیی وەفیق عجیل حەمود ئەلسامەڕائی، فەرماندەی فەیلەقی یەکەم لیوا روکن سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەلتائی، فەرماندەی فەیلەقی پێنجەم لیوا روکن فارس نوعمە حوسێن ئەلمحیاوی و هەزاران پیاو خراپی تر) پەیوەندی ژێر بەژێریان لەگەڵ سەرکردایەتی کورد هەبووبێت، کەچی زۆرتر لە دوو سەد هەزار کورد ئەنفال کرابێت؟ باشە با وا دابنێیین کە ئەمە راستەو هەر سەرۆک جاشێک کە وەکو سەرۆک جاشی فەوجی (102) باسی کردووە، زۆرتر لە هەزار کوردی رزگار کردووە. خۆ کورد (366) فەوجی جاشانی هەبووە، هەر سەرۆک جاشێک زۆرتر لە هەزار کوردی رزگار کردبێت، ئەوکاتە کۆی رزگار کراوەکان دەگاتە نزیکەی (400) هەزار کەس. ئەمەش دوورە لە راستی، چونکە ئەگەر وابوایە نەدەبوو کورد زۆرتر لە (200) هەزار کەسی لێ ئەنفال بکرایە! خۆ ئەگەر بڵێین نیوەی ئەو ژمارەیەی کە هەر سەرۆک جاشێک رزگاری کردبێت لە ئەنفالەکان بووەو، نیوەکەی تریش لە پێشمەرگە دەستگیرکراوەکان، زیندانیانی سیاسی، رێکخستنە نهێنییەکان و سزا دراوەکان بە سێدارە بووە، ئەوکاتە کورد کەسی ئەنفال نەدەکرا، هەروەها نە زیندانییەکیشی لە سێدارە دەدرا نە زیندانەکانی بەعسیش ئاوا پڕ دەبوون!!

ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین باسکردنی تاوانەکانی سەرۆک جاشی فەوجە سووکەکان بە ناوزڕاندن دەزانێت و، دووبارە باسکردنی تاوانەکانیان لەلایەن هەر کەسێکەوە بێت بە هۆکاری نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی ناو ریزەکانی گەلی کوردی ناودێر دەکات، کە ئەمەش هەڕەشەیەکی شاردراوەیەو ناوبراو لەو کەسانەی دەکات کە پەردە لەسەر تاوانەکانی ئەو و هاوشێوەکانی هەڵدەدەنەوە.

وەکو وەڵامێک بۆ روونکردنەوەو هەڕەشە شاردراوەکەی ئیبراهیمی شێخ نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، تەواوی بەشدارییەکانی ناوبراو لە شاڵاوە دڕندانەکانی ئەنفالەکاندا دەخەمەڕوو، کە بەشێکە لە پەرتووکی (ئینسکلۆپیدیای تاوانبارانی ئەنفال و کوردۆسایدکردنی گەلی باشووری کوردستان) کە لەماوەیەکی کەمی داهاتوودا چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە.

لە پەرتووکی ناوبراو لەسەرەوەدا بەمشێوەیە باسی سەرۆک جاشی فەوجی (102)ی فەوجە سووکەکان کراوە: (راوێژکاری فەوجی (102)، شێخ ئیبراهیم شێخ نەسرەدین عەزیز بەرزنجی (شارەزووری)، بەشداری ئەنفالەکانی (1+2+5+6+7)یان کردووە. ئێستاکە سەربە بزووتنەوەی گۆڕانی نەوشێروان مستەفایە. سەبارەت بە بەشداری کردنی فەوجی ناوبراو لە شاڵاوی ئەنفالەکانی یەک و دوو - سەرچاوە: (رۆژنامەی ئەلسەورە، ژمارەی (6536)ی رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی (17.4.1988)، هەروەها رۆژنامەی ئەلجمهوریە، ژمارە (6777)ی رۆژی سێشەممە، رێکەوتی (5.4.1988)، ل6، کە شێخ ئیبراهیم بەرزنجی دەڵێت: *شەرکەرانی فەوجەکەمان بەشداری کاریگەریان کردووە لە ئەنفالەکانی یەک و دوودا*). سەبارەت بە ئەنفالەکانی یەک، پێنج، شەش و حەوت، سەرچاوە: (شۆڕش حاجی رەسوڵ، ئەنفال کوردو دەوڵەتی ئێراق، لاپەڕەکانی 148، 167). شێخ ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (1024)ی سەرۆکایەتی کۆمار، مەدالیای بەناو ئازایەتی وەرگرتووە لە پاداشتی ئەنفالدا. ئیبراهیم نەسرەدین عەزیز بەرزنجی، راوێژکاری فەوجی (102)ی فەوجە سووکەکان، لەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق)ەوە، بەهۆی بەشداریکردنی لە ئەنفالەکاندا، فەرمانی دەستگیرکردنی دەرچووەو، ژمارە (4+421)ی دراوەتێ، واتە ناوەکەی دووبارە بۆتەوە لە لیستی ناوی داواکراوەکان). ئەگەر دوو سەرۆک جاشەکەی تریش دێنە وەڵام تاوەکو باسی بەشداری ئەوانیش لە ئەنفالە بەدناوەکاندا بخەمەڕوو.



دەرسیم دیبەگەیی
darsim2006@hotmail.com